# میانەی خەڵك و دەسەڵات لە راپرسییەكدا

**نوری بێخاڵی**



دەسەڵات، هەر دەسەڵاتێك بێت تا سەر ناتوانێ بە دروشم و هوتافی سیاسی بریقەدار خەڵك دەستخەڕۆ بكات، تەنها بۆ ئەوەی بەرگی پیرۆزی بەبەرخۆیدا بهێڵێتەوە و بە جوینەوە و كاوێژكردن لەسەر سەروەرییەكانی رابردووی بەردەوامی بە مانەوەی خۆی بدات.

سروشتی دەسەڵات وایە بۆ ئەوەی خۆی لە ئەرك و بەرپرسیارێتی بەرامبەر خواست و داخوازییە كۆمەڵایەتییەكانی خەڵك بدزێتەوە، هەمیشە پەنا بۆ بیانوو هێنانەوە دەبات، بەو پێیەی یەكێك لە نهێنی و سیحرە هەرە گەورەكانی مانەوەی دەسەڵات و درێژەدان بە تەمەنی فەرمانڕەوایەتی خۆی بەرهەمهێنانی پاساوە، پاساودانەوە یەكێكە لە ئامراز و ئالیەتە بەردەوام ئامادەكانی ناو كار و گوتاری هەر دەسەڵاتێك، بەتایبەتی لە ساتەوەختی قەیران و كەموكوڕییەكاندا.

دیارە لۆژیكی بیانووهێنانەوە و پاساودانەوە بە تەنها قۆرخ و تاپۆ نییە بەسەر دەسەڵات و سیستەمە سیاسییە تۆتالیتار و دیكتاتۆرییەكان، بەڵكو زۆرجار و زۆرێك لەو دەسەڵات و سیستەمانەش كە بانگەشەی دیموكراسی و دادپەروەری كۆمەلاچیەتی و یەكسانی و كرانەوە و مافەكانی مرۆڤ دەكەن، بەجۆرێك لە جۆرەكان بەشێك لە گوتارەكەیان لە پێناو چاوبەستەكی خەڵك و بێدەنگكردن و رازیكردنیان بەوەی كە هەیە بۆ بیانوو و پاساو تەرخانكردووە و لەم نێوەشدا زۆرترینی ئامراز و هۆكار و ئۆرگانەكانی خۆیان خستۆتە گەڕ..بۆ نموونە دەسەڵاتی كوردی لەماوەی پانزە ساڵ تەمەنی ئەزموونی حوكمڕانی خۆیدا نزیكترین دەسەڵاتێكە كە زۆرترین ئەو بانگەشانەی ناومان بردن دەكات لە ئاست كەموكوڕی و گەندەڵی و وەك پێویست نەبوونی خزمەتگوزارییەكان پەنای بۆ گەمەی پاساودانەوە بردووە و دەبات، هەر ئەمەشە وایكردووە ئاستی متمانە و میانەی نێوان خەڵك و دەسەڵات لە كوردستان ئەگەر نەڵێین نەماوە (كە زیادەڕۆییە)، بەڵام كز و لاواز و كەم بۆتەوە.

هەوێنی ئەم نووسینە کورت و وردە سەرنجانەم دەرەنجام و ئاکامی راپرسییەکە، کە پەیمانگای دهۆك بۆ پرسە سیاسییەکان بە هاوکاری پەیمانگای کوردستان بۆ پرسە سیاسییەکان لە دەڤەری بادینان و دهۆکی داسنیان و بەبەشداری پێکردنی (400) کەس بە جیاوازی رەگەز و تەمەن و ئاستی هوشیاری و پێگەی کۆمەڵایەتی سازیدابوو، ئەنجامی راپرسییەکەش لەسەر لاپەڕە قەشەنگەکانی ژمارە (140)ی هەفتەنامەی (ئەڤرۆ) لە رێکەوتی 2007/5/17 بڵاوکراوەتەوە... پوختەی وەڵامەکان کە بەرهەمی چەند پرسیارێکی زانستی و لۆژیکی و ستانداردە بەم چەشنەیە:

29.5٪ نازانن ناوی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و جێگرەکەی چییە، 25٪ بەهەڵە ناوی وەزیرەکانی کابینەی پێنجەمیان هێناوە، 27.5٪ هەر نەیانزانییوە کابینەی نوێ وەزیر و وەزارەتی هەیە، 2٪ خەمی ئازادی راگەیاندنیان هەیە، 17.75٪ خوازیاری نەهێشتنی گەندەڵین، 19٪ هیوای بەرقەراربوونی یاسا دەخوازن، 19.25٪ لە خەمی ئارامی و ئاسایش دان.

بەشبەحاڵی خۆم پرسیاری ئەوەی کە خەڵك بۆ ناوی سەرۆکی حکومەت و جێگرەکەی نازانن و بەهەڵە ناوی وەزیرەکانیان بردووە بۆ خودی حکومەت و بەرپرسەکانی جێدەهێڵم، کە بەراستی مایەی پرسیار و تێڕامان و بەدواداچوون و شەنوکەوکردنی ئەودیوی روانینی خەڵکە بۆ سروشتی کارەکان حکومەت، بەڵام بەڕاستی گلەییەکی زۆرم لەو خەڵکە بەشداربووە هەیە، کە نەیانزانیووە ئەم کابینەیە وەزیر و وەزارەتی هەیە، ئاخر خوا بەزیادی کا و بەدەردی بەرنامەی (بەرنامە) گووتەنی دەبێ کاری یەکەم و پڕۆژەی لە پێشینەی کابینەی نوێ دروستکردنی یاریگایە، ببوورن (هۆڵێك!!)ی فراوان بێت، تاکو شوێنی ئەو هەموو وەزیر و گزیر و بریکارانەی تێدا دەبێتەوە، کە نزیکترن لە فەرخە پەرلەمانێك بۆ خۆیان!

بەچاوپۆشین لەو بێدادی و نایەکسانییەی لە ماوەی رابردوو لەلایەن دەسەڵاتی کوردی بەرامبەر خەڵك کراوە، بەخۆ بواردن لەو گەندەڵی و رۆتین و ئاستە لاوازەی خزمەت و رەخساندنی هەلی ژیان و کار بۆ خەڵك، لەگەڵ هەموو ئەو بێزاری و نارەزاییەی شەقام، بەڵام لە راستیدا خەڵك نابێ بەهەمان چاوی پڕۆژەکان سەیری باری ئاسایش و تەنایی بکات، چونکە لە سای دەزگاکانی ئاسایش و کارمەند و ئۆرگانەکانی مرۆڤ بۆ مێژوو و بە ویژدانەوە بڵێ رەوشێکی لەباری ئاسایش و ئارامی و تەنایی و دڵنیایی بەرقەرارە لە کوردستان، هەموو ئەو شتانەی لێرە و لەوێش روودەدەن بەجۆر و رادە وشێوازی جیاجیا لە سەرجەم دونیا هەن و بەرچاو دەکەون . لەبری ئەوە و بەداخەوە دەبووا ئەوانەی لەم راپرسییەدا بەشداربوون بە رێژەیەکی زیاتر خەمی ئازادی راگەیاندن و رادەربڕینیان هەبووایە، ئاخر کە سەیری ئەو رێژەیە دەکەیت 2٪ سەرت دەسوڕمێ چۆن خەڵك لە گرنگی ئازادی رادەربڕین نەگەیشتتوون، کە ئەو ئازادییە چەند دەتوانێ هاوکاریان بێت لە گەیاندنی خەم و خولیا و گلەیی و گازاندەکانیان بە دەسەڵات و هاوکات چاودێریکی چاوکراوە بێت بەسەر کارو پڕۆژە و هەنگاوەکانی حکومەت.

بەهەرحاڵ ئەوەی لە توێی ئاکامەکانی ئەم ڕا پرسیەدا دەیخوێنینەوە ئەوەمان پێ دەڵێ، کە بۆشاییەك لە نێوان خەڵك و دەسەلاّت هەیە، بەجۆرێك وایلێهاتووە خەڵك باکی بەوە نەبێت کێ دێتە سەر حوکم، چونکە لەماوەی ڕابردوودا دیارە حکومەت وەکو پێویست لە ئاست داواکارییەکانیان دانەبووە..لێرەوە دەردەکەوێ کە خەمی ژیان و گوزەران و ئاوەدانکردنەوە ئە نجامدانی پڕۆژە خزمەتگوزارلاییەکانی بواری ئاو و ئاوەڕۆ و ڕێگاوبان و تەندروستی و پەروەردە و نەهێشتنی گەندەڵی و ڕۆتین و ڕەخساندنی هەلی وەکیەکی کار و ژیان و یەکسانی بۆ هەمووان لەبەرامبەر یاسا، خەمی سەرەکی خەڵکن، کە حکومەت وەك پێویست ئاوڕی لەم بوارانە نەداوەتەوە و هێندەی خەریکی خۆ قەڵەوکردن و پڕکردن بووە، بەقەد ئەوە بیری لەو خەونانەی شەقام و پرۆسەکانی چاکسازی و پاکسازی نەکردۆتەوە،هەر ئەمەشە وایکردووە و وادەکات خەڵك پرۆسەی سیاسی و حکومەت و پێشهات و گۆڕانکارییەکانی سەر ئاستی کوردستان و عیراقی لەباری سیاسییەوە لا گرنگ نەبێت و باکی بەوە نەبێت ناوی سەرۆکی حکومەت و جێگرەکەی و ژمارە و ناوی وەزیرەکانی حکومەت چین و چەندن، چونکە وەك ئەزموون و مێژووش سەلماندوویەتی ناو و ناوبانگ هێندە گرنگ نییە، بەقەد ئەو ناوەڕۆك و پەیام و بەرپرسیاریەتی و هەست کردن بە لێپرسراوێتییەی خاوەن ناو هەڵی گرتووە.